# شکستی ئارتۆ لە شانۆدا

کۆسرەت عەبدولڕەحمان



ئارتۆ بە داستانی دراما و شانۆی هاوچەرخ دادەنرێت و سەرەتای ژیانی هونەری ئارتۆ بە دیوانێکی شیعری بچووک دەست پێدەکات ئەم دیوانەش کۆمەڵێ شیعری ڕەمزی (هێما و پڕ لە تەمومژی لە خۆگرتووە).

ئارتۆ لە سەرەتای ژیانی هونەریدا چەندین کورتە شانۆی دەرهێناوە و مەشقی لەسەر هونەری

نواندن کردووه، بەڵام لێهاتوویی ئارتۆ لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا و زۆرجاریش نیگارکێشان دا بە شـاعـیـر و ئەکـتـەر لە قـەڵەم دراوە، بەڵام لە سـاڵی ۱۹۳۸ دا بە هۆی سـەرنەکـەوتنی لە شـانۆگەری (بنەماڵەی تنشنی) تووشی شـێتی بـووە و بۆ مـاوەی (۹) سـاڵ لە نەخـۆشـخـانەی مێشک بەندکراوە. ئەم شانۆنامەیەش باسی بەسـەرهاتی (کونت شنشینبە) دەکات کە لە سەدەی ۱٦ دا ژیاوە، باس دەکات کە چۆن خۆشـەویستـە سیکسیـە دیاری دەکات بۆ پیـاتریسی کچی دەردەخـات. مـەبەسـتی ئارتۆ دامـاڵینی ئەو دەمـامکە درۆیانەیـە کـە کـۆمـەڵگا پۆشـیـوویەتی هـەر هەمـوو ژیـان بە درۆ و دەلەسـە بـەسـەر دەچێت. بەڵام هـەر لە یەکـەم شـەوی نمایش شـانـۆیەکـە نشـستی هێنا و بووە هۆی شـێت بوونی ئارتۆ. ئـەو کێشـەیەی کـە ئارتۆ تێدا ژیاوە پێـویستی بە تێگەیشتنی گێتی بووە تێگەیشتنی سوریالیـزمیانە تێگەیشـتنێک کە بگەڕێتەوە بۆ جیـهانە پڕ لە نهێنییەکەی پێش لەدایک بوون و دوای مردن کە واتە شێتی ئارتۆ لە ئاکامی بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی بووە بەسـەر ئەو جیهانە فراوانە پڕ لە ئێش و ئازارانەدا . نەک ئارتۆ هەموو مرۆڤێک وەکو ئارتۆی لێدێت گەر هاتوو مـەلکەچی ژیان نەبوو ئارتۆ نەک تەنـها لە ڕووی شـانۆ دەستێکی باڵا و بەر چاوی هـەبووبێت و چاو نەترسـانە کـاری کـردبێت وەکـو ئـەکـتـەر ئەکـتـەرێکی سـینـەمـای سـەرکـەوتوو بووە لـە ڕووی نووسـین کـە واتا ئـارتۆ ئـەوەندەی نـووسـینی هەبـووە ژمـارەی شـانۆییـەکانی زۆر کـەمتر بووە لـەدوای دەرچوونی لە زیندانی دەروونی مـاوە تەمـەنی کورت بووە هـەر چەند ساڵێک ژیاوە هەندێ سـەرچاوە ئاماژە بە دوو ساڵ دەکەن بەڵام گرنگی ئارتۆ لەوەدایە نەک تەنـها پتـر بروک بـەڵکو هـەر هەمـوو شـانۆکـارەکـانی تر ئارتۆیان بە مـامـۆسـتـا و ڕابەری شـانۆیان داناوە.

ئارتۆ جگە لە ڕێبازی سـوریالی و دادایی و عـەسبـەت لەگەڵ بـەردەوام بوونی ئارتۆ لە سـاڵی ۱۹۲٦ بە هاوکاری روجیـە فیـدرال و روبیـرارۆن شـانۆی ئەلفیـروجـاری دامـەزراند و هـەر چەندە تەمـەنی ئەم جـۆرە شـانـۆیە کورت و کـەم بووە بەڵام ئارتۆ لەو مـاوەیەدا ٤ نمـایشـی شـانۆی کردو ئەویش دوانیان لـە نووسینی روجیـە فیدرال بوو (خـەونەباری) سـترنبیرگ و ئەوەکی تـر نووسـینی خۆی بوو.

بەردەوام لەسـەر شێوازی شـانۆی ئەلفیرد جاری کارەکانی کرد کە چوار شانۆ بووە، بەڵام هـەر چوار شـانۆیەکە سـیناریۆی لە ڕوانگەی سـوریالییـەوە بۆ دائەنا و دامـەزراندنی شێـوازی ئەلفیرد جـاری خـەونی ئارتۆ لە سـاڵی ۱۹۰۷ چونکی ئەلفرید جـاری بەر لە مـەرگ سێ خـاڵی بۆ شـانۆدا

ئەویش پێک هاتبوو بوونی شانۆیەکی بچووک دوربێت لە مادەیەوە دوو بوونی دەرهێنەرێکی ئازا و سەربەست بە شێوازی نوێ و داهێنان دەرچێت لە سنوور و خاڵی سێیەم و کۆتایی بوونی بینەرێکی هۆشمەند و هەست ناسک. ئەمەش وایکرد جگە لە ئارتۆ لە هەموو ئەوروپا کەسێکی تر نەبێت کاری وا بکات لە قسەکانی ئارتۆدا وەکو لە کتێب و نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ کراوە دەڵێت: شانۆ دەیەوێت هونەرەکەی لە ڕێگای دەقێکی نووسراوەوە نمایش بکات ئەو ئەمە شانۆیەکی پەل کراو و خاوەنەکەی شێتە و قەمبورە دژی شیعری شانۆیە و ئەم شانۆیەش تەنها گرنگی دەدات بە دیاردەکان و ڕاستییە بەڵگە نەویستەکان کە هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەپستراکتی پشت گوێ خستووە کە هۆکاری ڕەهایی بوونی مرۆڤایەتییە، بەڵام پێویستە لەسەر شانۆ کەوا لە بینەر بکات خوێندنەوەیەکی ڕوونی بۆ گیان و خەونەکانی هەبێت هەموو ئەم بیر و باوەر و نووسینەی ئارتۆ بووە وای لە پتربرۆک کرد لە ساڵی ١٩٦٤ لەژێر دروشمی (شانۆی توندوتیژ) دا پرۆگرامێکی ئەزموونکارانەی لەگەڵ ئەکتەرەکانی ئەنجام دا لە سەرچاوە بۆچوونەکانی ئارتۆدا سەرچاوەی گرتبووە. شانۆ لە هزر و بۆچوونەکانی ئارتۆدا ئاوها پابەندە بە گەردوونەوە ئەمەش وای کرد ئارتۆ سوودێکی زۆری لە شانۆی خۆرهەڵات وەرگرت و نەک تەنها ئارتۆ بەڵکو زۆرێک لە فەیلەسوف و پسپۆڕەکانی دونیا سوودیان لە ڕۆژهەڵات وەرگرتووە و ڕۆژهەڵات بە سەرچاوە و گەنجینەی دونیا ئەژمار دەکرێت. پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ سەرنجی زۆری ئارتۆی بۆ خۆی ڕاکێشاوە چۆن؟ وەکو بۆمان دەردەکەوێ زیاتر بە ئاشکرابوون بە جیهانەکەی ئارتۆ ئەوە کە زیاتر جەوهەری سەرەتای بۆن و دونیا و مرۆڤی کۆنە بەستووە چونکی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایە گونجاوە لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندی نێوان جیناتیەکان هێشتا دروست نەبووە ئەمەش تەواوی ئەو یاسا و ریسایە کەوا هونەری کۆن و سروتە ئاینەکانی لەسەر بنیادنراوە کەواتە ئەو پەیوەندییە نەپچڕاوە لە نێوان سروشت و مرۆڤ زیاتر هەر لەبەر ئەمەیە ئارتۆ بە پێویستی زانیووە بگەڕێت بە دوای ڕێباز و سەرچاوەیەکی نوێدا بۆ تەقینەوە و هەڵچوونی ئەو وزە گیانییەی مرۆڤی کۆمەڵگای هاوچەرخ.

ئارتۆ سەرچاوەکان دەردێنێ دەیانکاتە هاوکێشەیەکی سروشتی ئەفسووناوی. ئارتۆ مەبەستی خوڵقاندنی زمانێکی تایبەتمەندی لە هونەری شانۆدا ئەوەش زمانی وێنەی شعری بێت، مەبەستی ئارتۆ ئەوە نییە ڕۆڵی وشە لە شانۆ نەهێڵێت بەڵکو گرنگی وشە لەم شانۆ توندوتیژەی ئارتۆدا هەمان روکەشەکانی ون دەکات و لەو جیهانەی لێ پەیدا بووە جیا دەبێتەوە

هەمان ئەو سنوورانەش دەبڕێت کە بەرەو دواوەی دەگەڕێنێتەوە ئەمەش وێنەیەکی ئەفسوناوی دەوێت تاوەکو ئەو خەونانە بکات بەنمایشێکی شیعر ئامێز کەواتە لە شیعر ئامێزدا لای ئارتۆ واتە شاعیریەتی شوێن. گرنگی نەدان بە شاعیریەتی ڕووداوی زمانی ئەدەبی و دەقە شانۆییەکان بەردەوام بیر و بڕوای ئارتۆ بووە بە یارمەتی بەکارهێنانی مۆسیقا و سەما و جوولانەوە و پانتۆمایم و گۆرانی و سروود . هەموو سەرچاوەکانی و توخم و شێوازی سەرتایەکان بەخشیووە بەو پانتاییە بەرفراوانەی نمایشەکە لەسەر پێشکەشکراوەکە ئەمەش شانۆیەکی سەربەخۆ ئەخوڵقێنێ کە پێی دەوترێت شاعیریەتی شوێن. و بەکارهێنانی وشە لای ئارتۆ لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا بەرز ڕاگەتنی بەهای جەستە و دوور لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبدا چونکی توندوتیژێکە لە سەرەتادا خەونەکانمانە ئامادە دەکرێت.

هەر بۆیە ئارتۆ دەڵێت دیمەن و چۆنێتی ئامادەکردنی دیکۆر وا لە بینەر دەکات هەست بە پاکژبوونەوە بکات دوور لە لاسایی کردنەوە. پاکژبوونەوە لای ئارتۆ بە پێچەوانەی ئەرستۆ و هەموو جۆرەکانی ترە پاکبوونەوە لای ئارتۆ تێڕوانینێکی جیاوازتر و ئەوەش (بینەر لە ڕوانگەی نمایشێکەوە هەوڵی خۆناسین ئەدا بە شێوەیەکی دی بێت لەو حاڵەتەشدا لەگەڵ ئەو ئەزموونە ئینسانیيەدا ئەژی بە شێوەی ڕووت و ڕەها بەرزەکەی تا ئەو بینەرە ئەگاتە قۆناغی پاگژبوونەوە).

بەر لە کۆتایی ئەم بابەتە بچووکەم کەوا ئارتۆ زۆر میهرەبانە و هەرچەندی لەسەر بنووسی هێشتا کەمە کەچی ئارتۆ لە ژیانیدا هیچ کارێکی هونەری سەرکەوتووی ئەنجام نەدا جێگای باس بێت تەنها تیۆرەکانی نەبێت لە بوو بە بنچینەیەک بۆ دیاردەی نوێ. ڕێرەوەکەی ئارتۆ ڕێرەوێکی سەیر بووە لە ڕووی ڕۆشنبیریی و شارستانییەت و چونکی ئارتۆ بڕوای وابوو لە جۆری شانۆیەکەی کە شانۆی توندوتیژ بووە واتە (دووپات بوونەوە + پێویستی + ڕاستییەکی سەرسووڕێنەر).